سەرەتای سەرما و بارانبارین مامۆستایانی سلەمانی بەردەوامن لە خۆپشاندان و مانگگرتن دژی حکومەتی هەرێم



سەرەتای سەرما و بارانبارین، ئەم پێنجشەممە مامۆستایانی سلەمانی بەردەوامن لە خۆپشاندان و مانگگرتن دژی حکومەتی هەرێم.

ماوەی دە ڕۆژە مامۆستایانی سلەمانی مانیان لە خواردن گرتووە و تەندروستی هەندێکیان خراپە. ئەم خۆپشاندانانە و ناڕازایەتی کە دژی حکومەتی هەرێم بەرپابووە، بەهۆی وەرنەگرتنی شایستەی دارایییەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێمەوە کە تا ئێستا کابینەی نێیمی حکومەتی هەرێم مووچەی مانگی دوازدەی ساڵی ڕابردوو و بڕێک لە مووچەکانی مانگی یەکی ئەمساڵ دابەش نەکردووە.

هاوکات، ماوەی 10 ڕۆژە چەندین مامۆستای ناڕازی لە پەنجەرەی مووچەو شایستەی دارایییەکانیان لە سلەمانی مانیان لە خواردن گرتووە، مامۆستایانی ناڕازی دەڵێن، "سوورن لەسەر مانگرتن تاوەکو دەگەن بە ئامانجەکانیان".

لەلایەکی ترەوە، لە هەولێری پایتەخت، مامۆستا عەلی ڕێووف مستەفا، نوێنەری گشتی مامۆستایانی گرێبەست لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا، دوای ئەوەی داوای کردبوو خۆپشاندان لە هەولێر و دەک دژی حکومەتی هەرێم بەرپابچێت بەهۆی پەنجەرەی شایستەی دارایییەکانیان.

لێکاتێکدا تا ئەمڕۆ پێنجشەممە 6ـی 2ـی 2025، حکومەتی کابینەی نۆیەمی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە دارایییەکانی مانگەکانی 12ـی 2024 و مووچەی بەشێک لە وەزارەت و فەرمانبەرانی مانگی 1ی 2025 دابەشنەکردووە، لێکاتێکدا ئێژی سەشەممەی ڕابردوو وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم و وتەبێژی حکومەت وەرگرتنی بڕی 958 ملیار دینار بۆ پێدانی مووچەی مووچەخۆرانی مانگی 1 لە وەزارەتی دارایی عێراق ڕاگەیاند.

هەرچەندە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لە ماموستایانی سڵەمانی کرد کە واز لە خۆپشاندان و مانگرتنیان بێنن و دەڵێت: "کۆشکی مووچە چارەسەرکرا"، بەڵام هیچ کردارێکی جددی لێوبارییەوە بۆ ماموستایانی سڵەمانی و کوردستان نەکراوە و تا ئێستا ماموستایان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە دارایییەکانی دوو مانگی ڕابردوویان وەرنەگرتووە.
ئێژی سەشەممەش، بافڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی چووە خەمی ماموستایان و پشتگیری بۆیان دەربڕی، هەر لە سەشەممە، ئێندامانی پەرلەمانی سەر بە جوڵانەوەی نەوەی نوێ چوونەتە خەمی ماموستایان بۆ دەربڕینی پاڵپشتی، بەڵام لەلایەن ماموستایان دوورخران، ئەمەش بەهۆی ئاوڕدانەوە پشتر سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ سەردانی تورکیای کرد و لێگەڵ بڕپرسانی ئاو وەاتێ کۆبوونەوە کە ماموستایان بۆ دانیشتن لێگەڵ (تورکیای داگیرکەر) ناویان برد.